# "مناڵی لاسار"

نووسین: ئانتوان چۆخۆف

و: کامیل نەجاڕی

"ئیوان ئیوانیچ لاپکین"، لاوێکی قۆز و جوانچاك، لەگەڵ "ئاناسیمیۆنۆنا زامبلیتسکایا"، کچێکی لاو بە کەپۆیەکی بچووك و فندقی، لە کەناری سەربەرەژێرەوە داگەڕان و لەسەر کورسییەك دانیشتن. کورسی، هەر ڕاست لەسەر لێواری چەمەکە، لە گەمارۆی ژمارەیەکی زۆر خەڵفی شۆڕەبی لەسەر قاچەکانی وێستابوو. چ خەڵوەتگەیەکی باشە. هەر ئەوەندە بەسە کە مرۆڤ لەسەر کورسییەکە دانیشێ بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵك ون بێ. تەنیا ئەو جاڵجاڵووکە ئاوییانە کە بە خێرایی بەرق بەسەر ئاوەکە دا دێن و دەچن و ماسییەکان دەتوانن ئەو کەسانە ببینن کە لەسەر ئەو کورسییە دانیشتوون. ژن و پیاوی لاو، بە دار و قولاپ و قوتوویەکی پڕ لە کرم و کەرەسەکانی تری ماسی گرتن، خۆیان تەیار کردبوو. هەردووکیان دانیشتن و بەخێرایی و بەبێ فیڕۆدانی کات خەریکی راوە ماسی بوون.

چەند چرکەیەك پاشتر، لاپکین سەیری دەوروبەری خۆی کرد و وتی: خۆشحاڵم کەسمان بە دەورەوە نییە. ئاناسیمیۆنۆنا، دەبێ زۆر شتت بۆ باس بکەم، قسەم زۆر پێیە، لەو کاتەوە کە ئێوەم دیت، .... ئاگادار بن ئەوەی ئێوە خەریکە دەجووڵێ ... لە مانای ژیان تێگەیشتم و بتەکەی خۆمم ـ ئەو بتەی کە دەبێ هەموو ژیانی پڕ لە شەرەفی خۆم لە پێناوی دا دانێم ـ ناسی.... لە جووڵەکەی وادیارە کە دەبێ ماسییەکی گەورە بێ.... هەر چاوم پێتان کەوت، بۆ یەکەم جار ئاشق بووم... دڵم پێدای! پەلەی لێ مەکە، ئاوا دارەکە مەکێشە، لێی گەڕێ با زیاتر پێوە بێ... خۆشەویستم، تۆ ئەو خودایە راست و رەوان پێم بڵێ ئایا دەتوانم؟ ... وا مەزانە بە هیوای ئەوینێکی بەرامبەرم. نا! من خۆم بە شایانی ئەوینی ئێوە نازانم، ناتوانم تەنانەت بیریشی لێ بکەمەوە... بەڵام ئایا دەتوانم هیوادار بم کە ,,, بیکێشە دەرەوە!

ئاناسیمیۆنۆنا دەستی بەرز کردەوە و قولاپەکەی بە خێرایی لە ئاوەکە دەرکێشا و بە خۆشحاڵییەوە هاواری کرد، ماسییەکی بچووکی زێوینی مەیلەو سەوز لە حەوا دا دەخولایەوە.

- خودا گیان، ماسیی سوف! یاڵلا دەی ... خێرا بن! حەیف ، دەرچوو!

ماسییە بچکۆلەکە لە قولاپەکە رەها بوو و لە سەر فریزەکە بەرەو جیهانی دڵخوازی خۆی هەڵبەز و دابەزێکی کرد و ... شڵپ کەوتە نێو ئاوەکە!

لاپکین کە بە تەما بوو بەر لە چوونەوە نێو ئاوەکە ماسییەکە بگرێ، لە ناکاو دەستی کچە لاوەکەی گرت و لێوەکانی لەسەر دانا... ئانا سیمیۆنۆنا دەستی کێشایە دواوە بەڵام ئیتر کار لە کار ترازابوو. لێوەکانی ئەو دوانە بە ماچێك پێك گەیشتبوو و ئەو رووداوەش بە شێوەیەکی کتوپڕ و لەناکاو روویدابوو. پاش ماچی یەکەم نۆرەی ماچی دووهەم و پاشان سوێند خواردن و دڵنیا کردن گەیشت... چ کات و ساتێکی پڕ لە

بەختەوەری! بەڵام لە ژیانی مرۆڤی فانی دا شتێك بە ناوی بەختەوەریی موتڵەق بوونی نییە. زۆربەی کاتەکان، بەختەوەری یا خۆی ژاراوییە یا شتێك لە دەرەوە ژاراویی دەکات و ئەو رەوتە ئەو جووتەشی گرتەوە. لەو ساتەوەختانە دا کە ژن و پیاوی لاو خەریکی ماچ و مووچ بون، لە ناکاو دەنگی پێکەنینێك هات. هەردووکیان چاویان بڕیە چەمەکە و لە ترسانا وشك هەڵاتن: برای ئاناسیمیۆنا، واتا کولیای قوتابی، تا کەمەر لە نێو ئاوەکەدا راوەستابوو وسەیری ئەو دوانەی دەکرد و پێدەکەنی:

- ئەه!.... ماچ و مووچ؟ دەچمەوە و بۆ دایەگیانی دەگێڕمەوە.

- لاپکین کە سوورهەڵگەڕابوو لە ژێر لێوەوە بە پتە پت کوتی: هیوادارم ئێوە وەك کەسێکی شەرافەتمەند،... سیپە گرتن ئەوپەڕی خوێڕێتییە بەڵام گێرانەوەی ئەو شتانەی کە بینیوتە، نیشانەی دەروونپیسی و ناپاکی و سووکییە. پێم وایە ئێوە لاوێکی شەریف و نەجیمن.

بەڵام لاوی شەریف و نەجیم قسەکەی پێ بڕی و وتی: یەك روبل وەردەگرم و لێتان لەقاو نادەم.

لاپکین پارەیەکی یەك روبلی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەست کولیا. کوڕەکە پارەکەی لە ناو مستە خووساوەکەی دا توند گرت و فیکەیەکی کێشا و بە مەلە دوور بۆوە. ئەگەرچی دوو دڵدار تەنیا مابوونەوە بەڵام ئیتر هەوای ئەویندارى لە سەریان پەڕیبوو.

رۆژی دواتر، لاپکین قوتوویەکی ئاوڕەنگ و تۆپێکی لە شارەوە هێنابوو و بە دیاری دای بە کولیا. ئاناسیمیۆنۆناش قوتووە بەتاڵەکانی خۆی بە براکەی بەخشی. پاشانیش بە ناچار جووتێك قۆپچەی سەردەستی پێشکەش کرد کە وێنەی سەری گەورەی سەگێکی لەسەر نەخشابوو. وادیار بوو ئەو بارودۆخە بە کەیفی ئەو منالە لاسارە بوو، چونکە لەو رۆژەوە بە تەمای غەنیمەتی زیاتر، ئەو دوو دڵدارەی خستە ژێر چاوەدێریی قورسی خۆی و پەنایان دەبردە هەر سووچێك کولیا دەهات و سیپەی لێ دەگرتن. بە واتایەکی تر بۆ یەك چرکەش ئەو دوانەی بە تەنیا جێنەدەهێشت. لاپکین دانی لەسەر جەرگی دادەگرت و لە ژێر لێوەوە دەیکوت:

- خوێری! بەو تەمەنە کەمەوە بەراستی هیچ و پووچە! خوا دەزانێ لە داهاتوو دا دەبێتە چ جانەوەرێك!

بە درێژایی مانگی ژوئەن، کولیا رۆژگاری ئەو دوو دڵدارەی رەش کردبوو. بەردەوام هەڕەشەی دەکرد کە لێیان لەقاو دەدا. وەك نیسێ بە شوێنیانەوە بوو و بەردەوام دیاری دەویست. هەرچییەکیان دەدایە تێر نەدەبوو تا جێیەك کە تەنانەت رۆژێك داوای سەعاتی گیرفانیی کرد. چیان لە دەست دەهات؟ ناچار بوون بەڵێنی کڕینی سەعاتیشی پێ بدەن.

رۆژێك کە لە دەوری مێزێك دانیشتبوون خەریکی خواردنی نانی ئێوارێ بوون لە ناکاو کولیا تریقایەوە و چاوێکی داگرت و لە لاپکینی پرسی: بیڵێم؟ ها؟

لاپکین سوور هەڵگەرا و لە جێی کولیچە، دەسماڵی سفرەکەی کرۆشت. ئاناسیمیۆنۆناش بە پەلە لە پشت مێزەکە هەستا و بە راکردن بەرەو ژوورەکەی خۆی رۆیشت.

ئەو بارودۆخە تا کۆتایی مانگی ئوت واتا تا رۆژێك کە سەرئەنجام لاپکین بە رەسمی خوازبێنیی لە ئاناسیمیۆنۆنا کرد درێژەی کێشا. چ رۆژێکی خۆش بوو. لاپکین پاش وتووێژ لەگەڵ دایك و باوکی ئانا و وەرگرتنی رەزامەندیی ئەوان، بەر لە هەر کارێك بەرەو باخەکە رایکرد و بە شوێن کولیا دا گەڕا. هەر چاوی بە کولیا کەوت لە حاڵێکدا کە حەزی دەکرد لە خۆشیانا هاوار بکات، پڕی دایە و گوێچکەی مناڵە لاسارەکەی گرت. هەر لەو کاتە دا ئاناش کە بە شوێن کولیا دا دەگەڕا گەیشتێ و پڕی بە گوێچکەکەی تری داکرد. لەوێ نەبوون بۆ ئەوەی ئەو خۆشییە ببینن کە لە روخساری ئەو دوو دڵدارە دا خۆی نیشان دەدا. کولیا فرمێسکی دەڕشت و دەپاڕاوە:

- به قوربانتان بم. غەڵەتم کرد! ببوورن! ئیتر کاری وا ناکەم...!

- تا چەند ساڵ دواتریش، لاپکین و ئاناسیمیۆنۆنا، لە هەر دەرفەتێك کە پێش هاتبا دانیان پێدادەنا کە گەورەترین چێژێکی هەناسەبڕ کە لە هەموو سەردەمی دڵدارییان دا وەدەستیان هێنابوو، هەر ئەو کاتە بوو کە گوێچکەکانی ئەو مناڵە لاسارەیان دەکێشا.